کوردستان لە لەواری بنبەستی ناسیۆنالستدا.. عوسمانی حاجی مارف

هاوکاتی قەیرانی ئابووری، ئەو گرژیە ئەمنی و سەربازیانەی لە ناوچەکەدا بەدی دەکرێن، پێشبینی دەکرێت، کە سەرتای قۆناغێکی نوێ و مەترسیدارێ بە ڕووداتی ناوچەکە بێت، لە هەمان کاتدا پەرەچێت گەورەترین مەترسی لەسەر دەخی ئابووری و سیاسی کوردستان و عێراق دابنێت، بە لەبەرچاوگرتنی پشتبەستنیان بە نەوت و هەناردەکردنی، هاوکات کاردانەوکانی داخستنی گەرووی هورمز و بەردەوامی پەککەوتنی زیشتنی نەوتی عێراق بە بازاڕێ جیهانیەکان، هەروەها مامەڵەی دەسەاتی سیاسی لە گەندەڵی و تاانچێتیدا، کە ئاکامی پەکهاتەی دەسەاتی میلیشیایی بنەماڵە و تائیفیە، بەمەش فشارێکی زیاتر دەخەنە سەر ئاستی دابەزینی ژیان و گوزەرانی کرێکاران و خەڵکی هەژار و زەحمەتکەش.

ئەم بەردەوامی دەخێکی تایبەتە لە ڕووڕەاتی ناوڕاستدا، بەهەی کاریگەری ڕاستەوخۆی داگیرکاری و شەڕانگێزی ئەمریکا و ستراتیژی نەخشەکانی لە ناوچەکەدا پێشهاتووە، کە بابەتکی تێپەڕو کاتی و سادە نیە، کاتێ کە ناوچەکە لەم ناجێگیریە سیاسی و گۆڕاوەدا، بەرەوڕوی هەڕەشە و مەترسی زیاتر دەبیتەوە، دەخەکە بەجۆرێکە کە خودی وڵاتان و لایەنە سیاسیەکانی دەخیل لە خولقاندنی ئەم دەخەدا، ناتوانن و نازانن چۆن کۆتایی بەم قەیران و گۆڕاو و بارگرژیە بهێنن، دەخەکە بە بە ئاسایی و ئاڕاستەزی ڕادەگرێت، لە کاتێکدا دەسەاتی بنەماڵە و تائیفی وئەحزابی ناسیۆنالستی دوای دەورانێکی زۆر بە گرنگدانی دەور و ئایندەی سیاسیان بەم دەخەوە، ئەستا خەیان و ئایندەی عێراق و کوردستانیان، لە چاوەڕوانی دەخێکی پر گرفت و ئاڵۆز و نادیاردا ڕاگرتووە، لە لایەکی ترەوە بەشەرمانە منەتی بەبەهای گاتەجاری پارەوانبازی خەیان بە پاراستنی عێراق و کوردستان بە خەڵک دەفرۆشنەوە.!

لە هەرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، بەسەر ئێران و بەردەوامی ئەو دەخە پێ گۆڕاوە بە حاڵەتی نەشێە نە ئاشتی، هەرەوەها بە داخستنی گەرووی هورمز، عێراق ڕۆژگای هەناردەکردنی نەوتی زیاتر لە ٩٠٪ ی لەدەستداوە، ئەگەر ئەم کێشەیە یەکلایی نەبێتەوە، عێراق و کوردستان بەرەو ڕووی قەیرانێکی چەتر و مەترسیدارتر دەبنەوە.

بنەماکانی بارزانی و تاڵەبانی، پاش تاڵانکردنی بەشی زۆری سەروەت و سامانی کوردستان و پڕکردنی گەنجینەکان و بانکەکان بە ملیارەها دۆلار، بەردەوامیان بە تاڵانچێتی، هەر لایەنەکیان وەک هێزێکی جیا و خاوەن بڕژەوەندی جیا و دژ بەیەک، بە پاراستنی هێزەکانیان، خەریکن گەمەی بڕژەوەندی سیاسیان لەگەڵ ئەو دەخەدا بە زیاتر فشار خستنە سەر ژیانی خەڵکی بەشەوە دەبەن، بەجیا لەوەش کە جۆری گاڵتەجاری گەمەکانیان مەترسی بووە بە سەر ئاسایشی خەڵکی، نەیانتوانی و نەیان ویست بە هەواڵەست و سیاسەتێکی ڕەشن مامەڵەی ئینسانی نیشانبدەن، هەمیشە لەگەڵ هەڵبەزودابەزی دۆخەکەدا لەنگەر دەگرن، دەمێک بە پابەندبونیان بە سیاسەتی ئەمریکی و ئیسرائیل، دەمێک موریدی کەماری ئیسلامین، هەر بۆیە ئێستا لە بڕامبەر بنبەست و چارەنوسێکی نادیاردا بڕەوون ولە نەو گۆڕاوێکی سیاسیدا سەمایەکی زەر ناشرین و قێزەون نمایش دەکەن.
لەلایەکی تڕەوە هەڵومەرج و بارودۆخی نالەباری سیاسی بەشەکانی تری کوردستانیش، لەژێر کاریگەری ئەم شتە و ئاکامەکانیدایە، کە ڕەنگی جدی بووە لەسەر زیاتر بە ئاسایی و بنبەستی حزبەکانی کوردایەتی لە تورکیا و سوریا و ئێراندا، لە دۆخێکی زەر هەستیاردا دەخولێنەوە و بەجۆرێک بە ئاشکرا بنبەستی خۆیان ڕاگەیاندووە، کە لە مێژووی هەڵسورانی سیاسی بزوتنەوەی ناسیۆنالستی کورددا دەردی وایان نەچەشتووە.
حزبەکانی کوردایەتی، بەگشتی لە ئێستادا فرسەتی ئەوەیان نیە، یان ناتوانن و ناکرێ، هاوکاری و هاریکاری لە گەڵ یەکتردا پێکبهێنن، یان لەسەر مەسەلەیەکی دیارکراو بڕیارێکی وتنێک بگرن، هەر لایەنەکیان لە سوچێکی ئەم گۆڕاوەدا دەردەدڵی خۆی دەکات و چاوەڕوانی هەوە و فرسەتێکی ترن، هەرچیەکیش بەسەر خەڵکدا دێت بە منەتن!.
هەر لە "دیداری میری"دا قسەکانی نەچیر بارزانی و پێزەکانی نێک ناتوانێ وەڵام بە هیچ گرفتێک بداتەوە، بەڵکو کێشەکانی نیوانیان زیاتر دەشێوێنێت، چونکە بزوتنەوەی کوردایەتی لە ئێستادا دەورانێکی پاشکێشە و بەسەروبەر و بەهودە بەسەر دەبات، ئاسە و مەیدانێکی کراوە لە سەر ڕەگایان نیە.
هەر لەم بەسەروبەریدا، پەنا بە هەر فریادڕەسێک دەبەن لەم گۆڕاوە دەریان بهێنێ ، تەکێ بونی بارزانی لەگەڵ ئەحمەد شەرعی سوریادا و ناونانی بەوەی 'دوژمانیەتی کورد" ناکات، ئومێد بەستن بە دەستایەتی ئەحمەد شەرع، پاشکێی هەواستیان بڕامبەر ئێران، ترسیان لە داعش، ئەو سەرگەردانییە لە سیاسەتی هێزەکانی بنەماڵەدا کە هەوە ئەدەن بە هەر بەهایەک بێت خۆیان لەگەڵ ئەو دۆخەدا بگونجێنن.

بە وردبوونەوەی زیاتر لە سروشتی ئوبۆبونەوەکانی ئێستا، ململانێی جەمسەرەکان و وڵاتانی ناوچەکە، ناوچەکەیان لە دۆخێکی بنبەست و تاریک و ناسەقامگیر و قەیرانا ویدا ئاگرتووە، کە بواری ئێستای حزبەکانی کوردایەتی بەبنبەست گەیاندووە.
زلهێزە گەورە و ناوچەییەکان تا ئێو کاتێی دۆخەکە کۆنترۆڵ دەکەن و ئاسایشی سەرمایەگوزاری دابین دەکەن، یان تا ئێو ساتێی دەگەن بەو ئاکامەی دەتوانن بەرژەوەندیەکان دابێش بکەن، هەوئەدەن ململانێکان لە لەواری ئێم ئاژاوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەدا بڕەوبەرن، لە ڕێگەی گەمارۆ ئابووریە پەکخەرەکان و یاریکردن بە وڵاتان و هێزە سیاسیە ناوخۆییەکان، تاکاتێکی نادیار بەردەوامی بەم دۆخە ئەدەن، بەبێ ئەوەی بخزێنە ناو شەڕێکی هەمەلایەنە و تێچووی زۆرەوە کە بەرژەوەندیەکانی هەمووان لە ناو ببات.!
ئامانجی ستراتیژی ئێکتەرە نێودەوڵەتیەکان، "گۆڕینی ڕژێم" یان "بنیاتنانەوەی دەوڵەت" نییە، بە مانای گۆڕانی ڕیشەیی و ئاوگۆڕێک بەقازانجی کرێکاران و خەڵکی هەژارو زەحمەتکێش، بەڵکو زیاتر ئەوەیە قەیرانەکان لە دۆخێکی گرژی هەمیشەیی گەرمدا بمێننەوە، فرسەت بە دەورو دۆخالەتی ئاستەوخۆی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسیدا لەقاڵب بدەن و بەم شێوەیە جەماوەری ناڕازی زیاتر بە ئیرادەکەن، بەم شێوەیە ڕێوایی بە ئامادەبوونی ستراتیژیان دەدەن و بەرژەوەندیە دژە ئینسانیەکانی زلهێزەکان دەپارێزن.
پەرتبوونی هەواشی خەڵکی ناوچەکە (بە عێراق و کوردستان و تورکیا و ئێران و خەلیج و هەروەاتێکی تری ناوچەکە) فەرمێکی ململانێی زۆر وڕانکەرتەر لە شێوەی ئاسایی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هیچ ئەنجامێکی یەکلایکەرەوە بەدەست ناهێنێت، کۆمەڵگاکان پاڵ دەنێت بە دۆخێکی چەقبەستووی سیاسی و کۆمەڵایەتی درێژخایەن.
سیستەمی سەرمایەداری جیهانی کە قەیرانا ویە، لەم دۆخەی ئێستادا کاریان لەسەر میکانیزمی ئابووریەکی وڕانکەر، کە لە ئاستی جیهان بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە تایبەتی لەحاڵەتێکی گرژی هەمیشەیدایە، نە شەڕێکی وڕانکەر کە بازرگانی بە تەواوی ڕابگرێت و نە ئاشتیەکی بەردەوام کە پەویستی چەک و پاراستن کەم بکاتەوە، تا بەردەوامی گرێبەستە بەرفراوانەکانی چەک و کۆنترۆڵکردنی نرخی وزە و پاراستنی دارایی و وەبەرهێنان مسۆگەر بکەن.
ئەم واقعە کاریگەری کارەساتبار، لەسەر دەوڵەت و قەوارە کرێنشینەکانی هەرێمەکەمان بەتایبەتی هەرێمی کوردستان هەیە و دەیانخاتە ناو کەمبوونەوەی دارایی و ئیفلیجی سیاسی بەردەوام، لەبەر ڕۆشنایی هەموو ئەمانە و لە ئەنجامی نەبوونی تەواوەتی هیچ ڕۆشنایەک، ڕێگەی دەرچوون زۆر دوور دەمێنێتەوە، خەریکە ناوچەکە و

دانیشتوانەکەی بە دیلکراوی دەستپێکرد و بە دەنگی سەرلەشکرواوی بەردەوام.
لایەنگرانی ناسیونالستی کورد بەگشتی لەم قۆناغەدا ترس و دڵەڕاوکێیان پتر دیارە، هێرشەکان بەرامبەر بەوەی دەتوانن چی بکەن و چیان دەستدەکەوێت، خەریکن بە بارمتەی تۆسک و ملکەچی زیاترەوە تەسلیم بە پاراستنی دەسکەوتە بنەماڵەیی و مانەوەی هێزە میلیشیاکانیان دەبن، بەشێرمانە خەیان ئادەستی ئەم دەخە دەکەن، ئەوەی گرنگە بەیان مانەوەیە گەر بەرەو ڕووی هەر ڕەوایەکیش ببنەوە.
بە مانایەکی تر، بنبەستی تەواوی بزوتنەوەی ناسیونالستی کوردە لە خەباستنەوەیان بە چارەسەری مەسەلەی کوردەوە، تەواوی ئایدیالەژی داهێزراویان لە پەیوەند بە مەسەلەی کوردەوە بەشکستەکی گەورە سپاردووە، پاراستنی هێزکانیان و سەروەت سامانیان گرنگترین مەسەلەیانە.
لە ئاکامدا ئەم دەخە بە هاتنە مەیدانی ناڕازایەتی ڕکخراو و بەرفراوانی جەماوەری، لە ئاستی ناوچەکەدا، دەتوانێت کۆتایی بەدەوری زلهێزکان و هێزە میلیشیاکان و دەسەاتی تائیفی و بنەماڵەیی و ئیسلامی سیاسی و هەرهێزکی کۆنەپەرست بهێنێت، لە هەمانکاتدا دەتوانێت ئاوگەکی جدی لە پەیوەند بە بەرژەودندی خەڵکەوە تیا بەدەست بێت، ئارامی و ئاسایش و خۆشگوزەارنی بەدەوری ئیرادە و هێز و دەسەاتی ڕاستەوخۆی خەڵک لەدەسەاتی سیاسیدا مەیسەر دەبێت.